# سەرۆک کۆمار پێشوازی لە عادل عەبدولمەهدی دەکات



سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، پێشوازیکرد لە عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیری پێشووی عێراق.
لە میانی دیدارێکدا کە ئەمڕۆ پێنجشەممە 25-4-2024 لە کۆشکی سەلام لە بەغداد بەڕێوەچوو، دوایین پێشهاتە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵات تاوتوێ کران، هەروەها جەختکرایەوە لەسەر گرنگی پاڵپشتیکردنی لە کارنامەی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە ئابووری و خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی پێداویستیی هاووڵاتیان لە سەرتاسەری عێراق.

هەروەها جەختیشکرایەوە لە سەر پێویستی هەوڵی هاوبەش لە نێوان هەمووان بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتون لە بواری چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و درێژەدان بە پلان و بەرنامەی کار بۆ پێشکەوتنی ئابووری و باشترکردنی ئاستی ژیان.